## بەشی یەکەم

# پرۆژەی(سات و سەودای مەزن)
# و
# ڕاپۆرتی ئەم دواییانەی دەزگای ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا

ئامادەکار و نووسەر : حسن داعی
وەرگێڕ : کەریم دانشیار

### ئاماژە و ڕوونکردنەوەیەکی کورتی سەرپێیی:

وەرگێڕانی بابەت ئەمە ناگەیەنێت کە وەرگێڕی بابەتەکە لە خەتی فیکریی نووسەری بابەتەکە نزیکە. دەقی دوورو درێژی ئەم بابەتە بۆیە کراوەتە کوردی، چونکە لە بابەتەکە دا چەند خاڵی گرنگی تێدایە کە دەیهێنێ جارێک بخوێندرێتەوە.

لۆبی (Lobby) چییە ؟
وشەی لۆبی (Lobby) لە فەرهەنگنامەی ئینگلیزی دا بە واتای خۆ تێخزاندنی کەس و کەسانێک لە سیستەمی سیاسیی وڵاتێک هاتووە، کە بۆ مەبەستگەلی جۆراوجۆری خۆیان کەڵکی پێویستی لێ وەرگرن. لۆبیستەکان هەوڵ دەدەن وەک چل مێردەیەکی(ئەهرۆم) بەتوانا، دەزگای بڕیاردەری وڵاتەکە بە چەشنێک ببزێون، کە بڕیارەکان لە دژی بەرژەوەندیی ئەوانەوە دەنگ وەرنەگرن. بە گۆتەیەکی ڕەوانتر، لۆبی کردن بە چالاکیی گروپ و تاقمگەلێک دەگوترێت کە توانیبێتیان قورسی و کارکردێکی وەهایان لە سەر نوێنەرانی پەرلەمان و کاربەدەستانی ئۆرگانی دیکە دانابێ، کە لە کاتی پێویست دا بڕیاری دژ بە بەرژەوەندیی ئەوان نەزۆک بکرێت. بۆ نموونە، لۆبیستەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران ڕەگ و ڕیشەیان دە نێو سیستەمی ئیداریی ئەمریکا داکوتاوە و گەلێک جاران بە هەڵخڕاندنی ئەندامانی ڕێکخراوەی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکان و سازکردنی خۆپیشاندان و مانگرتن و دانیشتنی سیاسی، دەبنە هۆی ئەمە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پەرلەمانەکەی خۆیدا نەتوانێ دەنگی ئەرێنی بۆ سەپاندنی بڕیاری گران دژ بە ئێران وەدەست بێنێت.
وشەی لۆبی لە سەدەی حەڤدی زایینیدا لە بریتانیا داکەوت . لەو سەردەمەدا، ڕوناکبیران بۆ دیداری نوێنەرانی پەرلەمان، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونەکانیان سەردانی نوێنەرانیان دەکرد و لە دەرەوەی پەرلەمان و لە ژوورێکی تایبەت دا کۆ دەبوونەوە؛ ئەو تالارەی کە ڕوناکبیر و نوێنەرانی پەرلەمانی تێدا کۆ دەبوونەوە، سالۆنی چاوەڕوانیی لۆبییەکانی پێدەگوترا و ئەو کەسانەی کە لەو هۆڵە دا چاوەڕوانی هاتنی نوێنەرانیان دەکرد، بە لۆبیست و بە وتووێژ و گۆڕینەوەی بیر و بۆچوونەکەشیان دەگوت (لۆبی کردن).

لۆبیی کوری

ماوەیەکە دەنگۆی سازبوونی لۆبیی کوردی لە ئەمریکا بە گوێی هەندە بیسەرێک گەیشتووە. هاودەم دەگەڵ ئەم هەواڵە، واتەواتێکیش هەیە کە گۆیا هیچ هەنگاوێک بۆ سازکردنی (لۆبی)ی کوردی پێشوە نەچووە، چونکە دەگوترێت ئەو برە پارەیەی کە لەلایەن دانەرانی لۆبیی کوردی بۆ ئەمریکا ناردراوە، تووشی ئازاری گەندەڵی هاتووە و بەفیرۆ چووە.

هەروەها بە گۆیرەی وتووێژی(ستێڤان) دەگەل (پروفیسۆر دلاوەر)، کە سەبارەت بە لۆبیی کوردی کراوە، وا دەردەکەوێت کە کوردی زانا و پسپۆڕانی بواری لۆبی کردن لە ئەمریکا و لە ئەوروپا گەلێک زۆرن. ئەم گشتە زانا و پڕۆفیشناڵانە ئەگەرچی لە ئەوپەڕی خەمخۆری و وڵاتپارێزی دان، بەڵام حکومەتی کوردی و نوینەرانیان لە دەرەوەی وڵات ئاوڕیان لێ نادەنەوە و بە هەندیان ناگرن. زۆربەی ئەو کوردانەی هەندەران لە رەفتارو هەڵوێستی حکومەت و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دڵگرانن و زویر بوونە و، بۆیە خۆیان بەغەریب دەزانن. ئەوە بووەتە هۆیەکی گرنگی لاوازبوونی لۆبی کوردیی نەک تەنیا لە ئەمەریکا دا، بەڵکو لە سەرتاپای جیهاندا.

کەریم

********************

لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ئەیاری ساڵی 2003 دا، واتە چەند ڕۆژێک دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا، « تام گولدەیمەن Tom Guldiman»ی باڵوێزی سویسرا لە تاران گەیشتە واشنگتن. وا دەخوێندرایەوە کە ناوبراو لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە هەڵگری پەیام و پێشنیارێک بێت بە مەبەستی چارەسەریی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی نێوان ئێران ـ ئەمریکا؛ پێشنیارەکە بریتی بوو لە چەشنە پڕۆژەیەکی سەوداگەری کە بە(سات و سەودای مەزن) ناودێر کرابوو. نەفسی پەیام و پێشنیارەکە و، وڵامی ئەمریکا بەوان، بە ماوەی سێ ساڵان پەردەی نهێنی بە سەر داکێشرا؛ هەتا لەسەرەتای ساڵی 2006 و دوای ئەوەیکە پەروەندەی ئەتۆمیی ڕژێمی ئێران خرایە بەر دەستی شۆرای ئەمنییەتەوە، کەسێک بەناوی (تریتا پارسی) سەرۆکی شۆرای نەتەوەیی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکان (NIAC)، ڕوونووسێک لەو پێشنیارەی خستە بەر دەستی ئاژانسە خەبەرییەکان و، ئەوتۆیشی ڕاگەیاند کە ئەم بەرگەیە لەلایەن کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئێرانییەوە بەو ئەسپێردراوە.

لە ماوەی تێپەڕینی دوو ساڵدا، چیرۆکی ئەم(سات و سەودا مەزنە) و پڕۆپاگاندەی هێور جووڵانەوەی ڕژێمی ئێران لە ئاست ئەمریکا، وەک مایکرۆفۆنی پروپاگاندەی دەزگای لۆبیی مەلاکانی لێهات لە ئەمریکا دا و، لە زۆربەی باس و خواسەکانی کە دەربارەی ئێران دەکردرا، پەنجە لەسەر هەل بەفیڕۆدانەکانی ئەمریکا دادەندرا.

ڕژێمی ئێران دەیگوت کە ئەوە هەر خۆیانن دەسپێشخەر و پێش هەنگاون بۆ تواندنەوەی کێشەکان و، ئەوە دانیشتووانی کۆشکی سپین خۆ لە قەرەی سازان نادەن و بەردەوام خەریکی پیلانگێڕانن بۆ لابردنی ڕژێمی تاران.

بانگەشەی دامودەزگای لۆبیی ڕژێمی ئێران لە ئەمریکا لەمەش هەورازتر هەڵکشا بوو. بۆ وێنە لە بڵاڤۆکێک دا کە (تریتا پارسی)ساڵێک پێشتر بە ئیمزای گروپ و لایەنەکانی دژ بە شەڕی ئێران و ئەمریکایی گەیاند بوو، ئاماژەی بەمە کردبوو کە لە ماوەی بیست و شەش ساڵی ڕابوردوو دا، ئەوە ئەمەریکایە لە دانیشتن و دیالۆگ دەگەڵ ئێران خۆ دەبوێرێت .

دەنگۆی چیرۆکی(سات و سەودای مەزن) لە هەلومەرجی ئێستا، واتە دوای ڕاپۆرتی نوێی دەزگای زانیاریی ئەمریکا لەمەڕ ئەو پرۆژەیە، دوو ئەوەندە بەرز بۆوەو لۆبیی ڕژیمی ئێرانیش بۆ چەسپاندنی سەلیم بوونی ئێران، خوازیاری لابردنی هەر چەشنە زەخت و گوشارێک بوو لە سەر حکومەتی تاران. لە ئاکامدا و دوا بە دوای بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی دەزگای زانیاریی ئەمەریکا، تەلەڤیزیۆنی (CNN)یش، کە لایەنگرێکی قورس و قایمی دۆستایەتیی ئێران و ئەمریکایە، بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ(تریتا پارسی) پێک هانی. ناوبراو لەو چاوپێکەوتنەدا بە پوختی لە سەر پرۆژەی (سات و سەودای مەزن)ی ڕژێمی ئێرانی ڕاوەستا. هەر دوا بە دوای ئەم دیدارە، لە لایەن شۆڕای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا « Council on Foreign Relations» ، کە گرنگترینی ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی ئەمەریکاییە، بە مەبەستی تاو و توێکردن و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا و چۆنییەتیی (سات و سەودای مەزن)، تریتا پارسی بانگهێشت کرا.

لەم نامیلکەیە دا، هاوکات دەگەڵ هەلاجی کردنی پرۆژەی بەرباس، جێگە و پێگەی(تریتا پارسی) و ڕێکخراوەکەی، بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەخەینە بەر دید و هەڵسەنگاندنی خوێنەران. هەروەها نیشان دەدەین کە تەواو بەپێچەوانەی بانگەشەی لۆبیی ڕژێمی ئێران، هەر نەک لە سیاسەتی گشتیی ئەمەریکا(لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوو) دا، بۆ داڕوخاندنی ڕژێمی مەلایان بیریشی لێ نەکراوەتەوە، بگرە بە پێچەوانە، بە دەکارهێنانی سیاسەتی(نە شیش بسووتێ و نە کەباب)، لە لایەک بزووتنەوەی دێموکراسی خوازیی خەڵکی ئێرانی کز و نەخۆش کردووە و لە بەرێکی تریشەوە بۆتە هۆی هار و یانیگرتر بوونی مەلاکان و، لە ئاکام دا هێزە پاوانخوازە توندڕەوە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزیان هاتۆتە بەر و گەشەیەکی بێ چەند و چۆنیان کردووە. لە هەمبەر ئەوانیش دا، هێزە شۆڕشگێر و ئاشتیخواز و ڕادیکال و دێموکراتەکانی مەڵبەند تووشی کزبوون و داکەوتن هاتوون.

گەڵاڵەی پرۆژەی(سات و سەودای مەزن) ، لەلایەن( سادق خەرازی) واتە باوک سالاری(لۆبی)ی رژێمی ئێران لە ئەمریکا پەیڕێژی کرا و بە هاوکاریی باندی (تریتا پارسی) و (باب نەی« Bob Ney») وەڕێخرا. ئامانجی سەرەکیی دامودەزگای ناوبراو

، هەر ببڕای ببڕا بۆ چارەسەرکردنی لێبڕاوانەی کێشەی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەگەڵ ئێران نەبووە، بەڵکە تەنیا و تەنیا بە مەبەستی ئەهوەن کردنەوەی کورت خایەنی ئەو نائارامییانەیە بووە کە دەبنە ئاستەنگ لەسەر ڕێی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران. لە ڕاستیدا، هەموو هەوڵ و دەولی ڕژێمی ئێران کڕینی ئەو وەخت و کاتەیە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم چەند کار و بەرنامە گرنگانە، پێویستێتی: 1- بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆژەی ئەتۆمی. 2- بەهێزکردنی سیاسەتی داگیرکەرانە لە عێراق و لوبنان و فلستین دا . 3- لادانی نەیارانی سوپای پاسداران و ئەحمەدی نژاد لە نێو وڵات دا، کە دەبێتە یەکدەست کردنی دەسەڵاتدارەتیی حکومەتی کۆماری ئیسلامی.

## وتووێژی ئەمەریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

هەر ئەو سەروبەندەی کە سادق خەڕازی دەگەڵ( گولدەیمان)ی باڵوێزی سویسرا بۆ داڕشتنی گەڵاڵەی (سات و سەودای مەزن) یەکتریان دەبینی و خەریکی وتووێژان بوون، بەرپرسانی مەزنپایەی سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، هاودەم و هاوکات و زۆر بە نهێنی، شان بە شانی کاربەدەستانی ئەمریکی دانیشتبوون و بە فەرمی خەریکی وتووێژان بوون. لەوانەیە سەلماندنی ئەم ڕاستییە، کە ئەمەریکا و ڕژێمی مەلایان بۆ داڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن لەمێژ بوو خەریکی سەودای سەربەسەرانەی(بدە و وەرگرە)بوون، هاسان نەبێت و تەنانەت زۆریش بەدوور لە زەین و گومان بێت. بەڵام ڕاستییەکانی پشتی پەردەی سیاسەت وا نیشان دەدەن کە بەر لەوەیکە خەڵکی ئەمەریکا و زۆربەی سیاسەتوانەکانیشی سەبارەت بە دوایین ساخبوونەوەی کۆشکی سپی ئاگادار بووبن، دەسەڵاتدارانی ئێران و نوێنەرانی ئەمەریکا لە گەرمەی هاوکاری دابوون و بۆ داهاتووی عێراق پلانیان دادەڕشت.

وتووێژ و هاوکاریی نهێنیی نێوان دوو وڵاتی ناوبراو، لە دەسپێکی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفگانستان(2001) دەستی پێکرد. ئەم وتووێژانە بەماوەی(18)مانگ و لە نێوان پایەبەرزترینی نوێنەرانی ئێران و ئەمەریکا دا بەردەوام بوون. دوو مۆرەی سەرەکیی ڕژێمی ئێران لە دانیشتنەکاندا، یەکیان« محمد جواد زەریف» نوێنەری ئێران لە پەرلەمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوی تریان«کەمال خەڕازی» وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بوون. دوو نوێنەری ئەمەریکاش، یەکیان(زەڵمای خەلیل) نوێنەری ئەمەریکا و ئەوی تریان( ڕایان کرۆکەر) لە وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو کە هەر ئێستاکە سەرباڵوێزی ئەمریکایە لە بەغدا. ( هوشەنگی ئەمیر ئەحمەدی)ش کە سەرۆکی شۆڕای ئەمریکایی ـ ئێرانی (AIC) بوو، یەکێکی تر لە بەشدارانی کۆبوونەوەکان بوو. ناوبراو هەتا ساڵی 2002 ی زایینی، مۆرەیەکی چالاکی لۆبیی

ڕژێمی ئێران لە ئەمەریکا بوو. دوای ئەوەی کە داستانی(سات و سەودای مەزن) لەسەر دەستی(تریتای پارسی) بڵاوبوویەوە، ناوبراو خۆی خزاندە نێو هەراکە و، وەک هەواڵنێرێکی چالاکی لۆبی، هەموو ڕۆژێک هەواڵی ڕووداوەکانی بە فەرمی بڵاو دەکردەوە.

ئاخر جاری کە نوینەرانی دوو وڵات بۆ وتووێژان دانیشتن، ڕۆژی سێیەمی مانگی ئەیاری ساڵی 2003 بوو. لەم دانیشتنە دا، زەلمای خەلیل بە محمد جەوادی زەریف دەڵێ کە، بەپێی ئەو زانیاریانەی بە ئەمەریکا گەیشتوون، لە لایەن ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەوە پلانی کردەوەیەکی ترۆریستی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داڕێژراوە و بڕیارە هەر لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا بێتە ئاراوە. خەلیل زاد لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ویست کە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پلانی ناوبراو، پێویستە کۆماری ئیسلامی لەو چەند بەرپرسانەی ئەلقاعیدە کە لە ئێران دەژین و گۆیا لە بەندیخانە دان، بکۆڵێتەوە و زانیارییان لێ وەربگرێت.

ڕژێمی ئێران کە هەتا ئەو دانیشتنە بە گەلێک لە ئامانجەکانی خۆی لە عێراق گەیشتبوو، داواکارییەکانی خەلیل زادی خستە پشت گوێ و هەرکە لە 12 ی مانگی ئەیار، لە ئاکامی چەند کردەوەی تروریستی لە وڵاتی سعودی دا حەڤت سەربازی ئەمریکی گوژران، بەرپرسانی ئەمریکا بە فەرمی ڕایانگەیاند کە بکەرانی ئەم کردەوە ترۆریستیە دەگەڵ سەرانی ئەلقاعیدە لە تاران پەیوەندیی تەلەیفوونییان هەبووە؛ کەواتە ڕژێمی ئێران ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەم کردەوەیە دەناسرێت.

لە 24 ی مانگی ئەیار دا،(جوادی زەریف) بە مەبەستی دانیشتن و وتووێژ دەگەڵ هەیئەتی ئەمریکی گەیشتە ژەنێڤ، بەڵام نوینەرانی ئەمریکی ئامادەی دانیشتن نەبوون و بەم تەرتیبە دانیشتن و وتووێژی هەژدە مانگەی ئیران و ئەمریکا جەمام بوو. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، دەسەڵاتدارانی تاران هاوکات دەگەڵ نیشاندانی ڕواڵەتی دۆستانە لە دانیشتن و وتووێژەکاندا، بە هەموو تواناییشیانەوە خەریکی خەنجەر وەشاندن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دا بوون. ئەمە وا دەنوێنێت کە دۆستایەتی و دانیشتنەکانیان بەمەبەستی گێژداغکردنی بەرپرسانی ئەمریکییەکان بووە. بەڵام وەستاندنی وتووێژەکانیش ئەم واتایەیان نەدەبەخشی کە ئەمریکا بەرەو سیاسەتی توندوتیژی بڕوات و خەیاڵی داڕماندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر: (تام گولدەیمان)ی باڵویزی سویسرا لە تاران، ڕێک ئەو کاتە گەیشتە واشنگتن، کە ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی شوێن پیی ئەلقاعیدە، داوای هاوکاری لە ئێران کردبوو، بەڵام هێشتا تەقینەوەکانی عەرەبستان رووی نەدابوو.

# نەخشەی ڕێگا بۆ ئەکتیڤ کردنی(سات و سەودای مەزن)

پێشنیاری ڕژێمی ئێران بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەی(سات و سەودای مەزن)، لە سەر لاپەڕەیێکی بەبێ ئیمزا تایپ کرابوو. ئەم پێشنیارنامەیە، دەگەڵ یادداشتنامەیەکی باڵوێزی سویس، لە ڕۆژی چوارەمی مانگی ئەیار لە ڕێگای وزارەتی دەرەوەی سویسەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا فاکس کرا. پێشنیارنامەکە بریتی بوو لە دوو بەش؛ بەشی یەکەم ئەو ویست و داخوازییانەی دە باوەش دەگرت کە ئێران داواکاری بوو. بە گوتەی باڵوێزی سویسرا، گەڵاڵەی ئەم پێشنیارە بەرهەمی چەندین دانیشتن و گوفتگوی ئەو و سادقی خەڕازی باڵوێزی ئێران لە فەرەنسە بووە کە لە سەری ڕێک کەوتبوون. بە گوتەی سادقی خەڕازی، عەلی خامنەای دەگەڵ هەشتا و پێنج لە سەتی نووسراوەی پێشنیارنامەکە ڕێک و هاودەنگ بووە. لە پێشنیارنامەکە دا ڕژێمی ئێران شەش داخوازی روو بە ئەمریکا ڕاگرتبوو، کە بریتین لە :

1- دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی گۆڕانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ، دەبێ کۆتایی بە دەست تێوەردانەکانی بهێنێت.

2- دەبێ سەرجەم گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران وەلا بەرێت، پارە و دراوی قەتیسکراوی ئێران ئازاد بکات، هەروەها لە مەڕ وەرگرتنی ئێران بە ئەندامەتی لە ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی ، یاریکای ئێران بێت.

3- ئەندامانی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە عێراق دەربکرێن، لە وەرگرتنەوەی باجی شەڕ بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لە شەڕی ئێران و عێراق دا، پشتی ئێران بگرێت، بەری هێرشی هێزەکانی توکییە بۆ سەر باکووری عێراق بگرێت و ڕێزی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق بگیرێت و ڕێی زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی ئایینزای شیعە لە عێراق، واتە نەجەف و کەربەلا نەگیرێت.

4- ئێران ئازاد بکرێت بۆ وەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای ئاشتیخوازانەی ناوکی و شیمیایی و بایۆلۆژیکی.

5- سەلماندنی بەرژەوەندیی ئەولەکاریی(ئەمنییەت) ئێران لە مەڵبەند دا و، ڕیگە پێدانی بۆ بە هێزتر بوون بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی.

6- هەلوێستی بەجێ دژبە تروریزم(مجاهیدین) و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی لە ناو ئەمەریکادا ڕەچاو بکردرێت.

بەشی دووەمی پێشنیارنامەکەی ڕژێم، پەیوەندە بە ویست و داخوازییەکانی ئەمریکا، کە لە ڕوانگەی ئێرانەوە دەکرێ بە دانیشتن و وتووێژی دوو لایەنە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دەربارەی ئاشتی و ئەهوەنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشەوە، لە ڕوانگەی ڕژێمی ئێران، دەکرێ ئەوان لە پشتیوانی کردنی گروپە توندڕەوەکانی

فلستینی دەست هەڵبگرن و ڕێکخراوەی حیزبوڵڵاش وەک هێزێکی بێ چەکی سیاسی بهێڵنەوە.